سبەینێ بەشی دووەمی نەوتەکەی بەغدا لە سەیدسادق دابەشدەکرێت

ئەمڕۆ شەممە قائیمقامیەتی سەیدسادق رایگەیاند، لە سبەینێوە بەشی دووەمی نەوتەکەی بەغدا لە سنوری سەیدسادق دابەشدەکرێت.

قائیمقامیەتی سەیدسادق لە راگەیەندراوەکدا باویکردەوە، ئاگاداری هاوڵاتیان و دانیشتووانی سنووری ناوچەکە دەکەن، سبەی یەکشەممە بەشی دووەمی ئەو بڕە نەوتەی کە لەلایەن حکومەتی عێراق دابینکراوە دابەشدەکرێت.

قائیمقامیەتی ئاماژەی بەوەشکرد، لە رۆژانی داهاتووش دابەشکردنی نەوت لەناو سەنتەری شارچکەی سەیدسادق و گوندەکانی سنوورەکە بەردەوامدەبێت.

قائیمقامیەتی سەیدسادق دەڵێت، ئەو بڕە نەوتە تەنها بە کارتی زیرەکی نەوت بە هاوڵاتیان دەدرێت و هەر خێزانێک بەی ٢٠٠ لیتری نەوتی بە بەی ٦٠ هەزار دینار پێدەدرێت.